# بێده نگی هه تا که ی؟!

یادێک له شه هیدانی 27 گوڵانی ساڵی 1348 هه تاوی(1969  زایینی)

ڕێناس جاف

خه بات و ڕاپه ڕین و بزاڤی سیاسی کورد به درێژایی دیرۆک
به زۆر قۆناخی ناسک و هه ستیاردا تێپه ڕیوه و دیاره
بزوتنه وه کانی شۆڕشگێڕانه ی کوردی به درێژایی ئه و
ساڵانه ش، زۆر ده سکه وتیان بۆ گه لی کورد بووه و که سیش
ناتوانێ حاشا له و ڕاستییه بکات.
ته نانه ت ئه وه ی ئه مڕۆکه ئێمه ی کورد له به ره که ی
ده خۆیینه وه ،بێ سێ و دوو، ده س ڕه نج و ده ر نجامی
خه بات و تێکۆشان و هه وڵه پیرۆزه کانی شۆڕشگێڕانی
گه له که مانه که هه تا هه تایه لای هیچ کوردێکی
خاوه ن هه ڵوێست و خودان شه ڕه ف، له بیر ناکرێن.
گه ر ئاوڕێک له مێژینه ی خه باتی سیاسی کورد بده ینه وه،
له هه ر پارچه یێکی کوردستانا، به هۆی چه ن ڕۆڵه یێکی
ئازا و کۆڵنه ده ر و به جه رگی ئه م گه له لێکترازاوه وه،
ڕابوونێکی کوردی، دژ به ناحه زان و نه یارانی گه ل،
چێ بووه .
هه ر کامه له و سه رهه ڵدان و ڕاپه ڕینانه، ده رووێیکی
نوێیان له ڕووی کوردان، کردۆته وه و کێشه ی ڕه وای
گه له که مانیان، به دونیا ناساندووه.
ڕاسته چه ن ڕاپه ڕینێکی کوردی، له به ر دوورکه وتنه وه
له ماک و جه وهه ری کوردایه تی، گه لی ئێمه یان به و
ده رده ی بردووه که هێشتاکه ش به ده ستیه وه ناڵانین،
لێ هێشتا سه ری ئێمه ی کورد به خه بات و شۆڕشه کانی
به درخانییه کان، حه مه پاشا، سه ردار ڕه شی، سمکۆ،
شێخ مه حمووی نه مر، پێشه وای هه میشه زیندوو ،
بارزانی یاد گه ش ودۆکتۆر و... بڵنده.
گه ر هه تا دوێنێ ڕۆژهه ڵاتناسان یان ناحه زانی کورد،
مێژووی ئێمه یان ده نووسییه وه و به ئاره زووی خۆ و
به گوێره ی قازانج و به رژه وه ندییان، دیرۆکیان لێ

ده شێواندین و به شێوه ێیكی ڕق له دڵانه و ناپاكانه
ده ستكه وته كانی بزاڤی ڕزگاریخوازانه ی گه لی مه یان
وه پشت گوێ ده خست، خۆ شوكر ئێستێ ئه وه نده مان
دیرۆكنووس و شاره زا به ڕاپه ڕینه كانی كورد، تێدایه
كه چی هێشتاكه گه لێ ڕووپه ڕی گه شی خه باتی ڕۆڵه كانی
ئه م گه له بنده سته، له زۆر ناوچه و ده ڤه ری كوردستاندا
هه ر وا بوونه ته ژێر خاک و خۆڵه وه و كه س نییه به حه ق
ئاوڕێكیان لێ بداته وه.
ئه وه ی لێره دا مه به ستمه و هه وێنی نووسینی ئه م چه ن
دێره شه، په رده لادان له سه ر ڕووپه ڕێیكی هه ره گه شی
خه باتی ئازایانه ی چه ن ڕۆڵه ێیكی نه به زی ده ڤه ره كه ی
هه ورامان له ڕۆژهه ڵاتی كوردستانه له پێناوی ڕێبازی
پیرۆزی كوردایه تی دا ئه ویش له ساڵانی ڕه شی ده سته ڵاتی
شادا كه به سه د داخ و كه سه ره وه هه تا به ئێستا
خامه به ده ستانی ئه و ده ڤه ره و پارته سیاسییه كانی
ئه م به شه ی كوردستان، خۆیان له حه نای لێ مت كردووه و
ئه م ڕووداوه گرینگه بووه به ژێر چه ن ته پكه خۆڵه وه.
به ڵام دیاره ڕاستی و حه قیقه ت بۆ هه میشه ی دیرۆک،
ناشاردرێته وه و ئه مڕۆكه پاشی پتر له 30 ساڵان ،
بێده نگی كران له حاند ئه و ڕاستییه، ڕه هه نده كانی
جۆربه جۆری ئه و بزاڤه نه پندییه دژ به ملهوڕانی حكومه تی
شای گۆڕبه گۆڕ، هێور هێور وا خۆیا ده بن و هه ر ژن و
پیاوێكی ئاسایی ئه و سه رده مه ئه دوێنی، ئه وه نده ی
لایه كه ده یان لاپه ڕه ی پێ بنووسییه وه.
خاڵێكی لاواز لای زۆربه ی پارت و گرووپه سیاسییه كانی كورد
ئه وه یه خاوه نی خوێندنه وه ێیكی ژیرانه له سه ر
خه بات و شۆڕشه كانی كورد نین، هه ر بۆیه به رده وام
تووشی ئه و هه موو گرفتانه ده بن و له لایه ن ناحه زانی
كورده وه ئه وه نده یان، كۆسپ ده خرێته سه ر ڕێ.

سی و شه ش ساڵ له مه وبه ر، به كازێوه ی به یانی،
شه ش لاو لاوی ئازادی، شه ش سنۆبه ری نیشتمانپه روه ر،
شه ش داربه ڕووی خۆڕاگری و به رخۆدان، شه ش

تێکۆشه ری ڕێبازی کوردایَتی، به مانگی ڕوان و شین بوونی گوڵاڵه سووره کانی کوردستان، گیانیان له پێناوی خه بات بۆ ئازادی گه ل، به خت کرد.
به ره به یانی ڕۆژی 27 گوڵانی ساڵی 1348 هه تاوی (1969 زایینی) جه للادانی تینوو به خوێنی ئازادیخوازان به تیری ژه هراوی خۆ، له به ندیخانه ی جه لدیانی ده ڤه ری ورمێ، جه سته ی شه ش ڕۆڵه ی گه لیان، گوللە ئاژن کرد و شه ش گیانی کۆڵنه ده ریان، خه ڵتانی خوێن کرد.
ئه و ڕۆژانه ی هه وای ژه نگن و سێبه ری ڕه شی حکومه تی پاله وی، هه تا ناخی کۆمه ڵگه ی ته نیبوو و باڵی به سه ر هه موو ناوچه و ده ڤه رێکی ئێراندا کێشا بوو، له کوردستانه وه شوێن که وتووانی ڕێبازه پیرۆزه که ی پێشه وای نه مر، هه ستی کوردایه تی، شۆڕشێکی له گیانیانا هه ڵگیرساند هه تا سه ره تا خه باتی نه پندی خۆ دژ به حکومه تی شا، ده س پێ بکه ن، ئه وه نده ی پێ نه چوو ئه و ڕابوونه پیرۆزه، پر کاری کرده سه ر جه ماوه ر. ئیدی له و ده مه به دواوه ده ستیان دایه خه باتی ڕاشکاوی دژ به حکومه تی ملهوڕ و خوێنمژی پاله وی، که چی داخه که م به هۆی که لێن که وتنه نێو ڕیزی ئه و شۆڕشگێڕانه وه، به کرێگیراوانی ڕژێم، په یان به چالاکی و خه باتی ئه و شه ش گیانه تێکۆشه ره برد و له هه واێیکی خه فه تباری ده ڤه ره که ی هه ورامانا پێنج له وانیان له ناوچه ی پاوه و یه کی دیکه شیان به شه و دره نگان، له کرماشان له ماڵی خوشکه که ی یه خسیر کرد و خێراش گوێزرانه وه بۆ زیندانی جه لدیانی ورمێ و فره ی نه برد به تاریک و لێڵی به یانی به بێ دادگه یی و ته نیا به تاوانی خه بات بۆ کوردایه تی له سێداره دران.
پێویسته بوترێ سه ره تا ڕیزه که ی ئه وان له چه ندین که سی دی پێک هاتبوو به ڵام مخابن ئه وان هه ر زوو به زوو کشانه وه و دواتریش بوونه داره ده ستی ساواک(ڕێکخراوی ئه منی ئێرانی) و هاوڕێیانی شۆڕشگێڕی خۆیان

به ده ستەوە دا. ئه مه په ڵه یێکی بۆره به نێوچاوانی
ئه و چه ن که سه وه که هه تا هه تایه، به ڕوو ڕه شی
له ڕووپه ڕی مێژووی کوردا نێویان ده مێنێته وه.

ئه و شه ش په پووله گیان بێگه رده ی دونیای کوردایه تی
که به ده س ناحه زانی گه ل له به ندیخانه که ی جه لدیانی
ورمێ  له سێداره دران، بریتی بوون له :

یه که م: داریۆشی نیک گوو(یان به لای خه ڵکی هه ورامانه وه
نیکو) که لاوێکی کۆڵنه ده ر و وره به رزی کرماشانی بوو که
هه ر که سێکی هه ورامانی ئه و ڕۆژانه بدوێنی، ئه وه نده ی
له سه ر مێرخاسی و دڵپاکی و به سۆزی ئه و لاوه ی له دڵایه،
بۆ خۆ ده توانی په ی به شه ڕه فی به رزی ببه یت.

دووه م: جافری که ریمی ،خه ڵکی گوندی دزاوه ری ناوچه ی
هه ورامان که مامۆستای قوتابخانه بووه و هه مووان به
چاکه یادی لێوه ده که ن.
سێیه م: حاجی نیازی لهۆنی

چواره م: به همه ن به گی لهۆنی

پێنجه م: مه جه نۆریاوی (یان مه جی نوورایی)

شه شه م: عه تا په یاپ (عه تا نۆریاوی)

وا پاشی تێپه ڕینی ئه و هه موو ساڵانه به سه ر شه هیدبوونی
ئه و شه ش مرۆڤه نیشتمانپه روه ره دا، جێی داخه هێشتا
هیچ مێدیایێکی کوردی، ئاوڕێکی له قاره مانیه تی ئه و
ئینسانه تێکۆشه رانه نه داوه ته وه.
ئه و حیزب و پارته کوردییانه ی ئه مرۆکه مژولی خه باتی
سیاسی بۆ کوردن، ده بوا بۆ وروژاندنی هه ستی
کوردایه تیش بوایه، لاێیک له و ڕووداوه گرینگه بکه نه وه.
هه ورامان له م قۆناخه ناسکه دا گه لێ پێویستی

به وشیارکردنه وه هه یه که دیاره به شیکی ئه م ئه رکه
گرانه له سه ر شانی پارته سیاسییه کانی ڕۆژهه ڵاتی
کوردستانه . دڵنیاش بن ڕووناکبیری ئه م به شه ی
کوردستان ، شان به شانی ئه وان له مه ته رێزی خه باتدا
ده بێت.
یادکردن و وه بیرهێنانه وه ی ئازایه تی ئه و کورده
خاوه ن هه ڵوێستانه ، به رز ڕاگرتنی یادی نیشتمانپه روه رانه و باشترین
وانه شه بۆ به ره ی ئه مڕۆمان و گیانی
گه ل په روه ییان تێدا به رز ده کاته وه .
ئومێدمه قه ڵه مه به ئاگاکانی کورد، زێتر وه خۆ که ون و
زانیاری تۆکمه و ته واوتر له م باره وه به جه ماوه ر
ببه خشن.